# بەڵێ نەوشیروان مستەفا پێویستی بەنەشتەرگەری مێشک هەیە
# وەڵامێک بۆ ئازیز سلێمانی

هیوا کۆیی 14.11.2004

دوای بڵاوبوونەوەی بابەتێکم لەژێر ناوونیشانی " نەوشیروان مستەفا پێویستی بە نەشتەرگەری مێشک هەبوو نەک لووت "، کەسێک بەناوی ئازیز سلێمانی و لەبابەتێکدا بەناوی "دروستبوونی تەکەتولات و شارگەریی فیتی مام جەلالە"، بەقسەی خۆی گوایە وەڵامی نووسینەکەی منی دابێتەوە، کەچی نابینم تەنانەت بەیەک ووشەش چییە وەڵامی منی دابێتەوە جگە لە هێرشکردنێکی ناڕەوا بۆ سەر من و بەکەم سەیرکردنی هەولێر و هەلڕشتنی جامی غەزەبی خۆی بەرامبەر بە سەرکردە هەولێریەکانی ناو ی.ن.ک.
کە دەڵێم ئەو وەڵامی منی نەداوەتەوە ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، من باسی جنێوەکان و سووکایەتیەکانی نەوشیروانم کردووە کە دەرهەق بەسەرجەم دانیشتوانی هەولێر و کەرکوک و بادینان کردوویەتی. باوەڕیش ناکەم نە کاک ئازیزو نەهیچ کەسێکی تریش بتوانن نکوڵی لەوە بکەن کە نەوشیروان جنێوی بە خەڵکی هەولێرو کەرکوک و بادینان دابێت!! من ئێستاش دەڵێم نەوشیروان کەسێکی داخ لەدڵ و دەمارگیرە بەرامبەر بە شارەکانی تری کوردستان و خەریکی سلێمانچێتی و ناوچە پەرستیە و کەسێکی دکتاتۆر و ووشک لەسیاسەت و زۆر توندو تیژیشە.
کەسێکی وەکو نەوشیروان ئەگەر ناوچەپەرست نەبێت و خەریکی سلێمانچێتی نەبێت، بۆ ئەوەندە دەبێت قسەی ناشیرین بە شارەکانی تری کوردستان بڵێت و سووکایەتیان پێبکات؟؟؟ ئەی بۆ دەبێت شانازی بە خۆفرۆشانی شاری سلێمانی لەچەشنی تەها محێدین مەعروف و ساماڵ مەجید فەرەج بکات و قسەی ناشیرین و سووکایەتیش بە کەسایەتی نیشتیمان پەروەرو شەهیدانی شارەکانی تری کوردستان بکات؟؟؟؟
ئایا ئەو کردەوانەی نەوشیروان دەیکات ناچنە خانەی ناوچەپەرستی و داخ لەدڵی و دەمارگیری بەرامبەر بە شارەکانی ترو بەکەم سەیرکردنیان؟؟؟
بەڵێ نەوشیروان کەسێکی دکتاتۆر و ووشک و توندو تیژە لە سیاسەتکردندا، هەردەم بۆچوونەکانی خۆی بەزۆر دەسەپێنێ و گوێ ناداتە بیرو بۆچوونی کەسانیتر و قسەی ناشیرین زۆر بەکاردەهێنێت بەرامبەر بەو کەسانەی کۆک نین لەگەڵی. هەرسێ کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕاستی قسەکانم دەسەلمێنن!! لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەدا، مەلا بەختیا هەڵسایەوەو ووتی: کاممان لە سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوە من، کاک سالار، کاک فەرەیدون، کاک ئەرسەلان، کاک عەلی بچکۆل و هەموو ئەوانیتر لەلایەن نەوشیروان– ەوە ئیهانە نەکرابێت و قسەی سووکی پێ نەووترابێت؟؟
بەڵێ نەوشیروان هەر لەو کۆنفرانسە خۆی دەوری حیمایەی بینی و بەبەرچاوەکانی بەندەو نزیکەی 270–300 ئەندامی کۆنفرانس کەوتە لێدان و زللەبارانکردنی کادیرێکی هەولێری بەناوی ڕەشید و جنێودان و سووکایەتی پێکردنی!! کاتێک ئەندامانی کۆنفرانس لێیان پرسی بۆ لەو کادیرەی داو جنێوی پێداو دەریکرد؟ کاکی دیکتاتۆر (نەوشیروان) ڕازی نەبوو کەس قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات و گووتی کێ ئەو سەخیفەی هێناوەتە کۆنفرانس؟ کاتێکیش باس هاتە سەر شەهیدکردنی ووریای وەستا وەهاب، دیسان دیکتاتۆر ڕازی نەبوو کەس درێژە بەو بابەتە بدات و فەرمووی: ئەگەر ووریا هەزار جاریتر زیندوو بێتەوە هەر هەزار جارەکە دەیکوژمەوە، چوونکە نهێنی شۆڕشی بردۆتە دەرەوە!! هەموومان دەمانزانی ئەوەی نەوشیروان ناوی نابوو نهێنی شۆڕش چیبوون!! کاک ئازیز ئەگەر لێم زویر نەبیت دەڵێم شەهید ووریا بەزاراوەکەی خۆت کۆمەڵێک پۆخلەواتی نەوشیروانی بردبووە دەرەوە نەک نهێنی شۆڕش!! هەمووشمان دەزانین کاتێ کۆنفرانس یان کۆنگرەی نوێ دەبەسترێت، سەرکردایەتی کۆن

هەلدەوەشێتەوە، ئەی پێمان ناڵێیت نەوشیروان بەچ سیفەتێک لە خەلک دەدات و ئەندامی کۆنفرانس دەردەکات؟ کەسێک کە ڕێکخستن هەڵی بژاردبێت و دکتاتۆرێک گاڵتە بەڕێکخستن و هەڵبژاردن بکات و نوێنەری ڕێکخستن بە جنێو و تێهەڵدان لە کۆنفرانس دەرکات!!
کاک ئازیز، کەسێکی وەکو بەندە بە هەولێرچی دەمارگیر تاوانبار دەکات، نازانم بۆ کەسێک کە بێتوو کۆمەڵێک جنێو و قسەی ناشیرینی نەوشێروان مستەفا بخاتە سەر کاغەز و ئاشکەرایان بکات، دەبێت ئەو کەسە ئۆتۆماتیکی ببێتە  هەولێرچی دەمارگیر؟ باشە ئەگەر هەولێری نەبوومایەو سلێمانی بوومایە، ئەوکاتیش هەر دەبوومە هەولێرچییەکی دەمارگیر یان ئەو کاتی دەبووم بەخائین و بەهەمان ئەو تەورەی کە ووریای پێ شەهیدکرا، بەندەشتان بەقەولی خۆتان بەسزای گەل و شۆڕش دەگەیاند؟ ئەو گەل و شۆڕشەی کە تاکوو ئێستاش بەتەواوی نازانن بۆ ووریای قارەمان شەهیدکرا!!
نازانم بۆ دەبێت بەندە کەسێکی هەولێرچی دەمارگیر  بێ لەکاتێکدا کە بەتاکە ووشەیەکیش چیە هێرشم نەکردبێتە سەر شارێکی تری کوردستان یان سووکایەتیم پێکردبن، یاخود بەچاوی بەرز ڕوانیبێتمە هەولێر و بەچاوی سووکەوە سەیری شارەکانی ترم کردبێت؟ لەهەمان کاتدا کاک ئازیز کەسێکی بەدوور لە سلێمانچێتی دەمارگیر بێت کە سەرتاپای نووسینەکەی هێرشکردنە بۆ سەر بەرپرسانی هەولێری لەناو ی.ن.ک و سووکایەتی کردن و بەکەم سەیرکردنی دانیشتوانی هەولێرو بەچاوی بەرزتر ڕوانینە سلێمانییە؟ بۆ ئازیز باشتربوو وەڵامی نووسینەکەی بدابام نەک ئەو هێرشە توونده بکاتە سەر بەرپرسە هەولێریەکان، هەرچەندە بەندە نایەوێت بکەوێتە خانەی دیفاعکردن لە پاسەوانەکانی ئەرسەلان بایز و ئەزیش دەڵێم بەداخەوە بۆ ئەو کارە ناشیرینەی کە ئەو پاسەوانانە لەدژی پۆلیسێک ئەنجامیان داوە، بەڵام قسەی ناشیرینی وەکو چەورەو سەرسەری قسەی بازاڕین و نابوایە بەکاریان بهێنێت!!  هەروەها پێت وانەبێت کە بەرپرسەکانی خەڵکی سلێمانی ناو ی.ن.ک فریشتە بن و پۆخلەواتیان نەبێت!! ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لەسەر بەرپرسانی ی.ن.ک بنووسێت ئەوە کەم و کوڕی زۆرن بەبێ هاوێرکردنی شارێک یان ناوچەیەک. بەندەش کە لەسەر نەوشیروانی نووسیوە لەبەرئەوە نییە کە نەوشیروان خەڵکی سلێمانی-یە هەروەکو ئازیز بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی وای گۆڕیوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەوشیروان وەکو کەس کاک ئازیز گووتەنی کۆمەڵێک پۆخلەواتی هەیە، ڕاستە نەوشیروان داوێن پیس و دز نییە، بەڵام باوەڕی بە مارکسیەت و کۆمۆنیزم نەبوو (لاپەڕە 172 ی لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)، کەچی بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو و لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێ کەم و کوڕی تری هەبووا!! دەبێ کاک ئازیز لەخۆی پرسیبێت: ئایا دەکرێت کەسێک نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێت و قورئان بخوێنێت و سەرفترە بدات و حەجیش بکات و لەهەمان کاتدا باوەڕیشی بە ئیسلام نەبێت؟ دەبێ کاک ئازیز چی بەکەسێکی لەو بابەتە بڵێت و چ ناوێکی لێبنێت؟؟
کاک ئازیز سووکایەتی بە هەولێر دەکات کاتێ کە دەڵێت (دەگەڵ ڕێزمدا بۆ کەسانی تاکوتەرا هەڵکەوتووی وەک نەمر مامۆستا عەبدولخالق مەعروف). بەقسەی ئەو ئازیزە بێت کە ڕێزی تەنیا بۆ تاکوتەرای هەڵکەوتووی هەولێری هەیە لەنێو زیاتر لە 1 ملیۆن دانیشتووان و پێی وایە کە کەسانی هەڵکەوتووی هەولێر وەکو نەمر عەبدولخالق مەعروف لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. هەمووشمان دەزانین کە تاکوتەرا واتە زۆر کەم و لەوانەیە لەژمارەی پەنجەکانی دەست یان دەست و پێ تێپەڕنەکەن!! جا ژمارەکە لەلای ئازیزەو ئەو بۆمان دیاری دەکات کە چەند کەسی هەڵکەوتوومان لەهەولێردا هەیە!! بەڵام با ئازیز و ئەوانەی وەکو ئازیزیش بیردەکەنەوە باش بزانن کە هەولێر لەدەرەوەی یەکێتی-ش پیاوانی وەکو ساڵح حەیدەری و جەمال حەیدەری وعەزیز محەمەد و قادر عەزیزو سەدان و هەزارانی تری لێهەڵکەوتووە. یاخود کاتێک کە دەڵێت (وەک لەوەی کە زۆربەی حیمایە بوودەڵەکانی هەموو بەرپرسە هەولێریەکان دەیکەن... یان وەک چەکدارە حیمایە هەولێرییەکان تەعەدای لەخەڵک کردبێت.... تەنانەت

وەک ئەو حیمایە چەورەو سەرسەرییانەی ئەرسەلان بایز هێرش و پەلاماری نامەردییان کردە سەر پۆلیسێک بەر لەچەند مانگێ لەشاری سلێمانی.... هەموو دیرۆکی هەولێر بگەڕێو بخوێنەوە کەس هێندەی ئەو بەرپرسە هەولێریانەی ناو ی.ن.ک بەتایبەتی کاک کۆسرەت لەخەباتی تەسکی شارگەری و کاری ناشایستەی تێنەپەڕاندووە.... ئەمە بێجگە لەو بەرەڵایە بێسنوورەی دەسەڵاتە ڕەهایەی خرابووە بەردەم کۆسرەت و پیاوەکانی کەهەرچی کاری ناشایستەو چەقاوەسووییان بەرامبەر بەخەڵکی سلێمانی دەکرد.... )، کاک ئازیز بڕیاری خۆی داوە کە زۆربەی پاسەوانی هەموو بەرپرسە هەولێریەکان کەسانی بوودەڵەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵک و تەنیا ئەوانن و بەسەدانیان بەکاری قاچاخی و بازرگانی و بەدفەڕیشەوە خەریکن، وەکو ئەوەی بلێیت ئەو کارانە لەسەر ئەو کۆنە پاسەوانانەی بەرپرسە هەولێرییەکان تاپۆ کرابێت!! یاخوود هەرچی کاری ناشایستەیە تەنیا لەلایەن بەرپرسە هەولێریەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ئەوانەی هەولێریش نەبن پەپوولەیان بە ئاسمانی خێرو چاکەدا بفڕنەوە!! کاک ئازیز گلەیی لەوە دەکات کە بەندە قسەی بازاڕی دەکات! کەچی لەڕاستیدا سەرتاپای قسەکانی خۆی لەقسەی بازاڕیش کەمترن و هەرچی ڕق و کینەی پەنگخواردووی شاراوەی خۆی هەیە بەرامبەر بە دانیشتوانی هەولێر دەریبڕیون و پێشم شەرمە بەزمانەکەی خۆی وەڵامی بدەمەوە!! پێم وایە کەسانێک هەن لەئاستی بەرپرسێتی و هەندێک لە پاسەوانەکانیان بەبێ دەستنیشانکردنی شارو شوێن دەسەڵاتی خۆیان بەشێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنن، بەڵام ئەو خراپ بەکارهێنانە تەنیا لەسەر هەولێرییان تاپۆ نەکراوە!! بەش بەحاڵی خۆم هەموو دەستدرێژییەک ڕیسوا دەکەم و نارەزایی خۆم لەدژیاندا دەردەبڕم جا ئەگەر سەرچاوەکەی کەسێکی هەولێری یان هەر کەسێکیتر بێت. کاک ئازیز بەبۆچوونی تۆ دەبێت (کەو بەرامبەر کەو بخوێنێت)!! پێم وایە ئەو پەندە کوردیە بۆچوونێکی خێڵەکیانەیەو تەنیا کەسانی خێڵەکی پەیڕەوی دەکەن و هەموو کەسێکیش ئامادە نییە ئاستی خۆی دابەزێنێ بۆ ئاستی ئەو کەسەی کە بەقسەی ناشرین و جنێودان ئاستی خۆی دائەبەزێنێ!! بەتایبەتی کاتێ یەکێک ئاستی خۆی ئەوەندە دائەبەزێنێ کە جنێو و قسەی بێمانا بەرامبەر بە دانیشتوانی تەواوی شارێک دەکات!! برا (هەموو شتێک پیاوی خۆی هەیە) و ئەی نەتبیستووە پێشینان گوتوویانە (نان بۆ نانەواو گۆشتیش بۆ گۆشتفرۆش).

برا تۆ بەچ مافێک ڕەخنەی ئەوە لە من دەگریت کە هیوا کۆیی ناوی خۆم نیەو وەکو ئەوەی "ئازیز" ناوی سیانەی تەواوی خۆت بێت و خواستراو نەبێت!! وادیارە مافی ئەوە نادەیتە من کە بەناوێکیتر بنووسم، بەڵام هەمان ماف بۆ خۆت بەڕەوا دەزانیت؟. لەوانەیە ترسی تەور وای لێکردبم بەناوێکی ترەوە بنووسم، بەڵام خۆ تۆ ترسی هەمان تەورت نییە؟؟ ئەی بۆ بەناوی خۆت نەتنووسیوە؟

برا تۆ لەگەڵ خۆتدا کەوتیتە ناکۆکی کاتێ کە دەڵێی (کاک هیوا ئەگەر هێندە ڕاستگۆیە و باس لە زیادەڕۆیی و کاری چەوتی نەوشیروان دەکات لەهەمبەر سووکایەتی پێکردن بە خەڵکانی هەولێر و تەنانەت بە ئامادەبوونی خودی کاک کۆسرەت، ئەوە بۆ کەسێک نەبوو بەرپەچی بداتەوە ..... )، لێرەدا گومانت هەیە لە قسەکانم کە باسی جنێو و قسە نەستەقەکانی نەوشیروانم کردووە!! کەچی تۆزێک لەخوارتر دەڵێی (پاشان ئەو بەڵگەو زانیاری گێڕانەوەی جەنابتان لەوە دەچێت کابرایەکی زۆر نزیکی ڕووداوەکان بن و خۆت لێی بەئاگادار بیت....). واتە خۆت دان بەوەدا دەنێی کە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو قسانەی نەوشیروانم و ڕاستە ئەو جنێو و قسە ناشرینانەی کردووە!! هەر لە هەمان لاپەڕەدا نووسیوتە (لەبەر ئەوە مخابن ئەم برادەرەمان زۆر بەسەهوودا چووەو کەس وتەکانی بە پولێکی قەڵپ لێناکڕێت). زانیومانە بەڵگەو زانیاری دەبن بە سارچاوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە، بەڵام نەمانزانیوە کەسێک بەڵگەو زانیاری بخاتەڕوو بەسەهوودا چووبێت و کەس پارەی قەڵپیش بەو بەڵگەو زانیارییانە نەدات؟؟ مەگەر هەر لای کەسانێکی وەکو ئازیز و دەروێشە سەر سەختەکانی نەوشیروان وابێت!!